

# د. یونسی: که پێیان گوتم له سێداره نادرێیت ڕووخام!!

**چاوپێکەوتن: دڵشاد خۆشناو**

**پ/ جەنابتان پێشتر، زۆر کارتان لەسەر تیۆری ڕۆمان و چیرۆك کردووە، دەمانەوێ لەم دیدارەدا باسی هەندێ لایەنی ژیانی شەخسی خۆتانمان بۆ بکەن، دەمانەوێ لە بیۆگرافیای خۆتانەوە دەست پێ بکەین.**

و/ من ناوم برایم، شۆرەتم یونسییە، ناوی باوکم سلێمانە، ناودار بوو بە سلێمان خان، نەوەی یونس خانی بانە-م کە حاکمی بانە بووە، حکومەتەکەی بانە بە دەست تایەفەیەکەوە بووە بەناوی (اختیار الدین)، بەناوبانگن بە (سەلاتینی ئەمیر اختیار الدین)، لە (فتح السواد) یشدا دەنووسێت، ئەو کاتەی کە سوپاکەی خالید ئیبنی وەلید دەگاتە ناوچەی کوردستانات، کە دەکاتە سەدەی شەشەمی هیجری، اختیار الدین هەواڵی بۆ نارد و گوتی، ئێمە لەدوورەوە بۆ خۆمان موسوڵمان بووین، ئێمە ئێستا موسوڵمانین، هەربۆیە پێویست بە شەڕ ناکات و خۆمان بە موسوڵمان دەزانین، ئەو کاتە خالید ئیبنی وەلیدیش بیست کەسی نارد لە بانە ببنە سەرباز و لەوێ قبوڵی بکەن، خانی ئەو کاتە نازانم ناوی بەهمەن بەگ بووە، یان ئیسفەندیار بەگ، و دواتر نازناوی سوڵتان اختیارالدینیان پێدراوە، چونکە دینەکەیان بە اختیاری خۆیان قبوڵکردووە. تایەفەی ئێمە کە تایەفەی بچووکتر بووە، حکومەتی لەدەستدا نەبووە، تا دەگاتە نزیکەی ساڵی ١٨٥٠ی زایینی، ئەوکاتە باپیرە گەورەمان بووە و ناوی یونس خان بووە، دوای مردنی دوایین سوڵتانی اختیارالدین، حکومەتی بە دەستەوە گرتووە و حکومەتی سەربەخۆی خۆی پێکهێناوە، ئەو کاتەش خۆتان دەزانن کە سەردەمی قاجارەکان بووە، هێندە بەس بوو کە سەرۆك تایەفەیەك سەرۆك تایەفەیەکی تر سەرکوت بکات و خۆی ببێت بە ڕێبەر و ئەوکاتە دیارییەکیش بداتە شا و لە ئەنجامدا ئەویش حوکمی ئیمارەتی بۆ دەربکات، بانەش یەکێکە لە ئیماراتەکانی کوردستان، ئەگەر سەرنج بدەی تا سەرکوتکردنی ئیماراتەکان لە سەردەمی عوسمانییەکان و نەهێشتنی ئیماراتی بۆتان و ئەمانە بوون، ئیماراتێکی بچووکیش ئەگەر بیژمێریت ئەوە بانە یەکێك بووە لەو ئیماراتانە، لە مێژووی کوردستانیشدا ئەوە نووسراوە، یونس خان کوڕێکی هەبووە ناوی حەمە خان بووە کە دەبێتە مامی بابم، لەوێ لە ئەنجامی شەڕێکی ناوخۆیی تایەفەکە، یونس خان بە دەستی برازایەکی خۆی دەکوژێت و ١٧ کەسی تریش دەکوژرێن لەو شەڕەدا، دوای ئەوە حەمەخان دەبێتە حاکمی بانە و تا ساڵی ١٩١٦ حکومەت دەکا، لە ساڵی ١٩١٦ عوسمانییەکان دێن و بە تاوانی ئەوەی کە گوایە لەگەڵ سەیفەدین خانی سەقز و سەرداری بۆکان قسەیان یەکێکە و دەگوترێت کە خەڵك پەشیمان دەکەنەوە لە چوون بۆ غەزا، بە تاوانی ئەوەی لەگەڵ ڕووسەکان پەیوەندی هەیە، لە بانە لە سێدارە دەدرێت، لە سەقزیش سەیفەدین خانی ئەردەڵانی دەستگیر دەکەن و دەیبەن بۆ بۆکان و لەوێ لەگەڵ ئەمیر سەرداری بۆکان لەسێدارە دەدرێ. دوای حەمەخان ئیتر کەسێك نەما دەسەڵات بگرێتە دەست، باپیری منیش کە ناوی کەریم بووە، ڕووسەکان بردیان لە پایتەختی ئەرمەنستان کوشتیان.



## پ/ لەبانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیتان تەواو کردووە؟

و/ بەڵێ، من بە گوێرەی ناسنامەکەم، لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی، واتە ١٩٢٦ لەبانە لەدایك بووم، بەڵام لەڕاستیدا ئەو مێژووە ڕاست نییە، چونکە لەو سەردەمە لە کوردستان ناسنامە نەبوو، ناسنامە لە ساڵی ١٣١٠هەتاوی هاتۆتە ئەوێ، ساڵی ١٣١٠ ئەو ساڵەیە کە من چوومەتە قوتابخانە، قوتابخانە گوتیان ناسنامە نەبێت ناتوانین ناوی بنووسین، هەربۆیە هاتن ناسنامەیان بۆ من وەرگرت، ئەوکاتەی لەگەڵ بابم هاتینەوە لە شار کە بۆ ناونووسین چووبوین، نەنکم گوتی کە تۆ تەمەنت گەورە داناوە بۆ برایم، ئەویش گوتی نەخێر ئەگەر بیرت بێ لە فلان قەزیەدا ئەو لەدایك بوو، هەربۆیە شەش ساڵەکە دروستە، ئەویش بەڵگەیەکی تری دەهێناوە، بەهەرحاڵ من تا ساڵی ١٣١٧واتە ١٩٣٨ من لە قوتابخانەی سەرەتایی بانەدا بووم، کە قوتابخانەیەك بوو پێشتر بە ناوی ئەحمەدییە ناسرابوو، دواتر کە ڕەزاشا هاتبوو دەستیکی پێداهێنابوو- و ناوەکەیان گۆڕیبوو بە قوتابخانەی پەهلەوی، من تا خوێندنی سەرەتاییم لەوێدا گوزەراند و لە ساڵی ١٣١٧ واتە ١٩٣٨ سەرەتاییم تەواوکرد، باوکم زۆر حەزی لە خوێندن بوو- و هەمیشە ڕای وابوو کە لەوەبەوڵ ئیتر خوێندنە ڕۆژیەتی و دەبێ منداڵان بخوێنن، دواتر منی هێنایە سەقز، چونکە لەوێدا ناوەندی هەبوو، منیان خستە ماڵی یەکێك لە خزمەکانمان لەوێ بووم بە خوێندکاری ناوەندی شاپووری سەقز، تا ساڵی ١٣٢٠ واتە ١٩٤١ لەوێ بووم و هەر لەوێ بڕوانامەی ناوەندیم وەرگرت، ساڵی ١٣٢٠ ئەوکاتە ئینگلیز و ڕووس ئێرانانیان داگیر کرد و دواتر هێزە ئەمریکییەکانیش هاتن، هەربۆیە هەرێمەکە بوو بە عەشایری و خوێندن تێکچوو، من لەبیرمە قوتابخانەی بانەیان سوتاند و کاریتەکانیان سووتاند، زستانێکی سەخت بوو، ئیتر منیش دوو ساڵ وازم لە خوێندن هێنا و وەکو خەڵکی تر تفەنگێکم لەشان کردبوو- و دەسووڕامەوە، لە ساڵی ١٣٢٢ئەرتەش پەخشنامەیەکی بڵاو کردبووەوە کە عەشایر و سەرۆك عەشیرەتەکان ئەگەر بڕوانامەی ناوەندیان هەبێت بیان نێرن بۆ قوتابخانەی سەربازی و لەوێ دەست بە خوێندنی سەربازی بکەن، هیچ کەس لەو ناوچەیەی ئێمە کوڕی وای نەبوو کە خوێندنەکەی وەکو من بوبێت و تەواوی کردبێت، منیان نارد بۆ بنکەی ئەرتەش لەڕێگەی لەشکری چواری کوردستانی ئەو سەردەمە، هەر بەم شێوەیە ئامادەیی سەربازیم خوێند و لە ساڵی ١٣٢٤ تاقیکردنەوەی ئامادەییم دایەوە و بڕوانامەکەی ئامادەییم وەرگرت، دواتر چوومە کۆلێژی سەربازی و لە ساڵی ١٣٢٧ من لە کۆلێژی سەربازی دەرچووم و بە پلەی ملازمی دووەم نێردرام بۆ خزمەتی سەربازی لە ڕەزاییە، لەوێ لە گوردانی دووی ڕەزاییە بووم، هەرلەوێش بوو، لە ساڵی ١٣٢٩، ئێمە چووین بۆ مانۆڕی سەربازی، تفەنگمان دەهاویشت، ئەفسەرەکان کۆببوینەوە و قاوغە شقارتەیەکمان دانابوو- و تفەنگمان تێ دەگرت، منیش لەو کاتە هاتبوومە قەراغێك و خەریکی سگار کێشان بووم، لە پڕ گوللەیەك هات و بەر قاچم کەوت و من کەوتم، بەڵام زانیم گوللەکە لە دەمانچەی کامیان هاتە دەرەوە، هەر بەرێکەوت فەرماندەکەشمان بوو، بەداخەوە کوردیش بوو.

## پ/ ئەو لێدانە بە ئەنقەست بوو، یان لەدەست دەرچوون و ڕێکەوت بوو؟

و/ ئەو کاتەی کە گیرام وتی من بە ئەنقەست لێمداوە و زانیومە شێوەی بیرکردنەوەی چۆنە، بەڵام لەو کاتەدا دەیگوت بە ئەنقەست نەبووە و لەدەستم دەرچووە، دەپاڕایەوە و دەناڵایەوە.



## پ/ باسی گرتنتان کرد، وەك ئاشکرایە کە ئێوە لەسەر حیزبی توودە گیران و پەیوەندیتان بە حیزبی توودەوە هەبوو، وەك زانراوە کە ئێوە لە بەشی سەربازی حیزبی توودە چالاك بوون، چۆن پەیوەندیتان کرد بەو حیزبە؟

و/ دواتر من لەوە تێگەیشتم کە ئەندامانی حیزبی توودە کە قبووڵ دەکران، وەکو ئەرکێك دەبوایە خەڵکی تریش بهێننە ناو حیزبەکە، هەروەها دەبوایە ڕەفتاری خراپ نەنوێنێت و ڕابردوویان پاك بێت لە ڕووی دزی و مەسەلە ئەخلاقییەکان، ئەوکاتە دەیانناساند بە حیزبی توودە، دەبوایە تۆزێکیش دژی سەڵتەنەت بێت، یان لانی کەم سەڵتەنەتی خۆش نەوێت، منیان ناساندبوو، دوای ساڵێك بە منیان گوت کە تۆمان ناساندووە و تۆ ئێستا دەورەی تاقیکاری دەگوزەرێنیت، بارودۆخەکە وابوو کە سەرۆکی ڕوکنی دووی ئەرتەش کە ناوی سەرهەنگ جاوید بوو، ئەویش هەر لە ئێمە بوو، هەربۆیە دژی ئێمە نەدەوەستایەوە لەو لایەنەوە، ئێمە لەوێ چووینە ناو حیزبی توودە، لەو سەردەمە من زۆر چالاك بووم، دواتر زانیم کە سکاڵایان هەبووە لە دژمدا و گووتویانە کە هۆشی بەسەر حیزبایەتییەوە نییە، دواتر دوای ئەوەی کە پێکرام و هاتم لە نەخۆشخانە بریبانەوە، ڕەزاییە لەو سەردەمە بەفر هەتا نزیکەی یەك مەتر دەباری، سەیرم کرد کە من ناتوانم لەوێ بژیم، بۆیە داوام کرد کە بمگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تر کە سەختی و زەحمەتی کەمتری هەبێت، منیان گواستەوە بۆ بەشی لۆجستیکی ئەرتەش لە تاران، لەوێ کە ئەو سەردەمە لە تۆپخانە بوو، من بووم بە بەرپرسی چەك و پێداویستی ئەرتەش، ئەو کاتە باشترین شوێنێك بوو کە حیزب دەیتوانی سوودی چاکی لێ وەربگرێت، چونکە هەموو ئامارێکی چەکی یەکە سەربازییەکانم لەبەردەستدا بوو، هەر چەکێکیش کە لە ئەمریکاوە هاتبایە، دەبوایە ئێمە بچین وەریبگرین، هەربۆیە ئەرکی من لە لایەن حیزبەوە کەوتە ناو ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، تەنانەت لەو کاتەی کە دادگایی کراین، نامەیەك خوێندرایەوە وەکو بەڵگەی تاوانەکانمان خرایە ڕوو، ئەوکاتە لەلایەن ئەرتەشبود هیدایەت خوێندرایەوە، جا گوتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت کە ئەو هەموو ئەندامەی هەیە، هێندە ئەفسەرەی نییە لە سوپاکەیدا، ئێمە لە سوپایەکی ئاوا بچووکدا چۆن ئێمە ئەو هەموو توودەییەمان هەیە، لە نامەکەدا هاتبوو کە شوێنی یونس باشە و با هەر لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، چونکە پێشتر شوێنی تریشیان بۆ پێشنیار کردبووم، لەبەر ئەوەی کە پێشم بڕابووەوە، داوای هەر شوێنێکم کردبایە دەیانناردم بەبێ سێ و دوو، لەڕاستیدا ڕاپۆرت و جاسووسی و ئەو شتانە بوو.

## پ/ باسی ئەوەتان کرد کە لە ڕەزاییە بوون، هەر لەوێ هاوسەرگیریتان پێکهێنا لەگەڵ خاتوو ڕۆزا، بەڵام خاڵێکی سەرنجڕاکێش هەیە ئەویش ئەوەیە کە بەڕێزتان خاتوونێکی پەیڕەوی ئاینی مەسیحییتان هەڵبژاردووە وەکو هاوسەر، ئەوەیان چۆن بوو؟

و/ جا کاکە برا، مەسەلەی عەشق و خۆشەویستی و دڵخوازی پەیوەندی بە کورد و فارس و تورك نییە، کاتێ کە دوو کەس یەکتریان بەدڵ دەبێت، هیچ شتێك لەوانەی باسم کردن نابنە کۆسپ لەبەردەم بەیەکگەیشتن، من لە ڕەزاییە خاتوو ڕۆزام بینی و ماوەیەك چاودێریم کرد، بۆ ئەوەی بزانم ڕابردووی چۆنە، کاتێك یەکتریمان پەسەند کرد، ئەو بەبێ مۆڵەتی ماڵی باوکی شووی بە من کرد، بەڵام کاتێك زەماوەندمان کرد، ئەو تەمەنی کەم بوو کە من گیرام و کەوتمە زیندان، بەڵام زۆر بە باشی خۆی خۆی بەڕێوە برد.

## پ/ئەو کاتەی کە زەماوەندتان کرد لەگەڵ خاتوو ڕۆزا، ئێوە ئەندامی حیزبی توودە بوون؟

و/ ئەو کاتە من لە قۆناغی تاقیکردنەوەدا بووم.

## پ/لەو کاتە هەڵبژاردنی ئەو خاتوونە و چاودێریی کردنی، گرفتی بۆ تۆ دروست نەکرد؟

و/ بۆ من گرفتی دروست نەکرد، هەڵبەتە سەرکردەی لەشکری چوار، منی بانگ کرد هەندێك ئامۆژگاری و گوتی ئەوانە کەمینەن، مەبەستی ئەرمەنی و ئاسووری بوو، ئەوانە لەوانەیە لەگەڵ ئێمەدا ڕاست نەبن، بەڵام من بە قسەم نەکرد.

## پ/ چۆن گیران و کەوتنە زیندان؟

و/ من لە کتێبی (زستانی بێ بەهار)دا بە تەواوی باسی ئەوم کردووە بە درێژی، ئێمە نەدەبوایە یەکتری بناسین، هەربۆیە ژیانێکی سنووردار و شاراوەمان هەبوو، کوڕێکی



هاوپۆلی من هەبوو ناوی حسێن مەرزبان بوو، خەڵکی ئازەربایجان بوو، ڕۆژێك چاکەت و پانتۆڵێك دەکڕێ لە دەستفرۆشێك، بێ خەبەر لەوەی کە چاکەت و پانتۆڵەکە دزراوە، ئەو کاتەی لەبەری دەکات و دەچێتە وێستگەی پاس، لەوێ خاوەنی چاکەت و پانتۆڵەکە دەیبینێ جلەکانی خۆی دەناسێتەوە، بەڵام چونکە دەزانێ ئەفسەری هێزی ئاسمانییە، هیچی پێ ناڵێت و تەنیا شکایەتی لێ دەکات، کە پۆلیس دێتە ماڵەکەیان، ئەو ماڵەی کە چەند ئەفسەرێکی سەڵت پێکەوە گرتبوویان و هەموویان لایەنگری چەپ بوون و وێنەی ناسراوانی چەپی ئەو سەردەمەیان هەڵواسیبوو، پۆلیس کە ئەوە دەبینێت یەکسەر سەرۆکایەتی هێزی ئاسمانی ئاگادار دەکاتەوە، لەو کاتەشدا ئەو چەند ئەفسەرە هەڵدێن، هەندێکیشیان گیران، ئەوکاتە حیزبە چەپەکان بەهێزبوون بەتایبەتی حیزبی توودە، هەربۆیە نەیانتوانی لەژێر ئەشکەنجەدا بەزۆر ناچاریان بکەن بۆ دانپێدانان، ئەوانیان مەحکوم کرد، ئەوکاتەی ئێمەیان گرت دوان لەو دوو کەسە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەی ئێمە لەسێدارەدران.

## پ/ ئەوان بوون کە ئێوەیان ئاشکرا کرد؟

و/ نەخێر ئەوان ئێمەیان ئاشکرا نەکرد، ئەو کاتە حیزبی توودە چالاکی زۆر بوو، بەشە سەربازییەکەشی کە شاراوە بوو ئەویش هەر چالاکی زۆر بوو، ئەرتەشیش هەستی بەوە کردبوو کە کەسانێك هەن، بەڵام نەیاندەزانی کێن و لەکوێن، چونکە ئێمە لە هەموو ئاستەکاندا ئەندامی خۆمانمان هەبوو، بۆ نموونە لە کۆشکی تایبەتی شادا، یەکێکمان هەبوو ناوی سەروان فولادژ بوو، ئەو ڕاپۆرتی دەدا بە شا و سەر بە خۆمان بوو، سەرهەنگ جاویدیش یەکێك بوو لە ئەفسەرە گرنگەکان و نەیاندەهێشت ئاشکرا ببین، دواتر شەوێك بەرپرسی دەستەی سەربازی کرمان هاتبوو، هەندێك نارنجۆك و ئەوانەی هێنابوو- و هاتبووە ماڵی ئێمە، گوتی بە یەکێك بڵێ بێت بیبات، ئێمەیش بە یەکێکمان گوت بێت، ناوی سەروان ئەبولحەسەن عەباسی بوو- و خەڵکی مەلایر بوو، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوە نەبووم کە بیدەین پێی، بەڵام ئەو ناسنامەیەکی ساختەی دەرهێنا و نیشانی داین و گوتی من لەم ناسنامەیە ناوی خۆمم گۆڕیوە، ئەو تەقەمەنییەی برد و لە وێستگەی شەمەندەفەری تاران بە ڕێکەوت پۆلیس گرتی، بردیان بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس، ئەندامانی خۆمان کە زانییان شتێکی وابووە، برادەرانی خۆیانیان ئاگادار کردەوە لە پۆلیس کە بەجۆرێك ڕزگاری بکەن، یان شتەکە دابخەن، یان بە شێوەیەك کارئاسانی بۆ بکەن بۆ ئەوەی هەڵبێ، ئەوانیش نەیانتوانی و بردیان بۆ فەرماندەی سەربازی و لەوێ دانی بە هەموو شتێکدا نا، دواتر کە سەرکردە سەربازییەکانی توودە گیران، دەفتەرێکمان هەبوو کە بە شێوەی بیرکاری زانیارییان تێدا نووسرابوو لە لایەن سەرهەنگ موبەشیرییەوە، ساواك پسپۆڕیشیان لە ئەمریکاوە هێنا بۆ خوێندنەوەی، بەڵام نەیانتوانی بیخوێننەوە، دواتر موبەشیری هەوڵی خۆکوشتنیدا، بەڵام بەهۆشیان هێنایەوە، دواتر چارەسەریان کرد و دیسان ئەشکەنجەی زۆریان دایەوە، من کاتێك ئەوم بینی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، هەستم کرد ئەوەی تێدا نەماوە کە بتوانێت بەرخۆدان بکات، چونکە ئەو کاتە مفەوەزێکیان لەگەڵدا دەنارد تا بتوانێت خۆی پێوە بگرێت و بڕوات، لەو هەلومەرجە سەختەدا موبەشیری خۆی هێماکانی ئەو دەفتەرەی ئاشکرا کرد.

## پ/ ئیتر ئێوە کەوتنە زیندان و بڕیاری لەسێدارەدانتان بۆ دەرچوو.

و/ بەڵێ، ڕۆژی ١٣٣/٦/١٦ کە دەکاتە ١٩٥٤/٩/٦ی زایینی، ئێمەیان گرت و ئێمەیان بردە ژاندارمەری، لەوێ سەرۆکی ژاندارمەرییەکە دۆستی خۆم بوو، لێی پرسیم گوتی تۆیان بۆ گرتووە؟ گوتم نازانم لەوانەیە هەڵەیەك ڕوویدابێ، دواتر گوتی من ڕوونکردنەوەیان پێشکەش دەکەم، لە بەختی من هەر ئەو ڕۆژە بوو کە جەمال ئیمامی داوای ڕوونکردنەوەی کرد لە دادگا و لەوێ ئەو نامەیان بۆ خوێندنەوە، لە نامەکەدا ئاماژە بە من کرابوو کە شوێنم باشە و با هەر لە جێگەی خۆم بمێنمەوە، هەربۆیە هیچ ڕوونکردنەوەیەك بارودۆخی ئێمەی نەدەگۆڕی، هەر بۆیە ئێمەیان برد بۆ زیندانی قەسر، لە زیندانی قەسر من دە دوانزە ڕۆژ لە ژوورێکدا زیندانی بووم هیچیان لێ نەپرسیم، دوای ئەوەی ڕۆژی ٩/٢١ بوو منیان برد بۆ لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە، ئیتر لەوە بەولاوە پەیتا پەیتا دەیانبردم بۆ لێکۆڵینەوە.

## پ/ دوای چەند بڕیاری لەسێدارەدانتان بۆ دەرچوو؟

و/ کە منیان لە ٩/٢١ بردە دادگا، بیست ڕۆژ دوای ئەوە سەرهەنگ موبەشیری و سیامەکیان بردە دادگای سەربازی و بە ناونیشانی دەستەی یەکەم بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، بە پێی ئەوەی کە ئێمە بەرپرسی پلە دوو بووین لە کەیسەکە، من باوەڕم نەبوو

کە ئێمەش هەمان سزامان بۆ دەربچێت، دوای ئەوەش لەپڕ ڕۆژی دواتر هاتن ئێمەیان برد بۆ سەربازگەی جەمشیدیە، لەوێ کە هەموو شتێکیان لە ئێمە وەرگرت، هەر لەوێ گوتیان پارێزەری خۆتان دیاری بکەن، هەر یەکمان ناوی یەکێکمان گوت، هەڵبەتە دوایی ئەوەشیان قبوڵ نەکرد و خۆیان یەکێکیان دیاری کرد، ئەو ڕۆژەی کە ئێمەیان برد بۆ دادگا، هەر ئەو ڕۆژە سەرهەنگ موبەشیری و ئەوانیان بۆ جاری دووەم دادگایی کردەوە، بە دادگای دووەمیاندا مەحکوم کران بە لەسێدارەدان، ئێمە کە بەرپرسی پلە دووی کەیسەکە بووین، ئێمەیان برد بۆ جێگەی ئەوان.

**پ/ هەموومان دەزانین کە بڕیاری لەسێدارەدان مرۆ لە پەلوپۆ دەخات و هەموو کەسێکیش بەرگەی بیستنی ئەو بڕیارە ناگرێ، ئێوە کە ئەو بڕیارەتان بیست هەستتان بە چی کرد؟**

و/ من لە کتێبی (زمستان بی بهار) سەد لاپەڕەیەکم لەو بارەیەوە نووسیوە، هەمووشی ڕاستییە، بێ ئەوەی یەك وشەش زیاد و کەمی تێدابێ، دروست ئەو هەستەی کە هەمبووە و هەستی یازدە کەسەکەی تر کە هەیانبوو، ئەوەم مونعەکیس کردووەتەوە، زۆر سەختە، هەر کەسێکیش بیڵێت نەخێر هیچ مەسەلەیەك نییە و شتێکی ئاساییە، وانییە و زۆر زۆر ناخۆشە و هەموو کەسێك ناتوانێت بەرگەی بگرێ، بۆ نمونە من هاودەورەیەکم هەبوو کە بەلای مندا تێ دەپەڕی وەختێ دەگەیشتینە لای یەکتر سینگمان دەردەپەڕاند، بەڵام لە دەروونەوە سووتابووین، زۆر زۆر سەختە بەڕاستی.

**پ/ وەك ئاشکرایە کە بەڕێزتان بەهۆی ئەوەی کە پێشتر قاچێکتان لەدەستدابوو، بڕیارەکەتان پلەیەك بۆ دابەزێندرا و کرا بە زیندانی هەتاهەتایی، ئەم حاڵەتە چۆن بوو بۆ تۆ؟**

و/ ئەوەشم هەر لەو کتێبەدا نووسیوە، وابزانم سەعات ٥،٣٠ بەیانی بوو کە هاتنە ژوورەوە، کە هاتنە ناوەوە خۆی لەخۆیدا ئێمە وەئاگا بووین، ئەو چەند شەوە خۆ نەخەوتبووین، من لەبیرمە ئەو شەوە سەرهەنگ جەمشیدی کە خزمێکی شا بوو، شەست و نازانم چەند جگەرەیەکی کێشابوو، ئەویش لەسێدارەدرا کە ئامۆزای شا بوو، ئەوانەی تر یەکیان سەرهەنگ ئەفشار بوو، زاوای ڕەزمئارا بوو، سەروان کەلالی بوو، زاوای ئەمیر تەیمور کەلالی بوو، کچی ئەمیر تەیمور ژنی سەرۆك وەزیرانی پاکستان بوو، تەنانەت سەرۆك وەزیری پاکستان داوای بەخشینیشی کردبوو لە شا، بەڵام قبوڵ نەکرا و لەسێدارە درا.
لەو کاتەدا مفەوەزێك هاتە ژوورەوە بەناوی مفەوەز ساقی، ئەو مفەوەزە کەسێکی ئازەربایجانی بوو، هەڵبەتە کەسە ئازاکانیشی خۆشدەویست و زۆر ڕێزی دەگرت، کە هاتن و گوتیان فەرموون، ئەو کاتەی لەو بەرزاییە نزمەوە بازمدایە خوارتر، هەستم کرد ئەژنۆم دەلەرزێ، بەڕاستیش دەلەرزی، سەرهەنگ ئەفشار شانەکەی خۆی دامێ و گوتی قژت شانە بکە، چونکە ڕۆژنامەنووسی لییە، ئێستاش ئەو شانەیە چەند دەنکێیەم لەلا ماوە و هەمیشەش دەیپارێزم.
کە ئێمەیان هێنایە دەرەوە، گوتیان یەکێك زیادەیە، ئەو زیادەیە من بووم، ئەو کاتە بوو کە پێیان گوتم تۆ حوکمەکەت کەم کراوەتەوە، من ئەو کاتە بە شێوەیەکی گشتی ڕووخام، چونکە یەکسەر هاوڕێکانم



وەرگەڕان و منیان ماچ کرد و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، من ئەو کاتە زۆر تێکچووم، منیان گێڕایەوە بۆ زیندانەکەی خۆم و ئیتر من تەنیا بووم، نزیکەی بیست دەقەیەکی پێچوو زیندانوانەکان هاتنەوە، زۆرم پێخۆش بوو، چونکە ئەوە یەکەمین جار بوو بگەڕێنەوە، چونکە ئێمە دوایین دەستە بووین، ئەوان کە هاتنەوە من لێم پرسین کە چی بوو بۆ هاتنەوە؟ گوتیان هاتووین نانی بەیانی بخۆین، نانی بەیانیان بۆ هێنان و سەرگورد وەکیلی پێی گوتم، نارەحەت مەبە، ئیتر ئەمە دنیایە و ئێمەش کە لەسێدارە دەدرێین، ئێمە ڕێبوارین و بە بارودۆخێکی خۆشەوە بەڕێمان بکە، بچۆ دەمو چاوت بشۆ و ئەو هەنارانەشمان بۆ دان بکە، منیش بەقسەم کرد و چووم دەموچاوم شۆرد و هەنارەکانم دان کرد.

**پ/ ئێوە لەسەر سیاسەت کەوتنە زیندان، چۆن ڕووتان کردە ئەدەب و وەرگێڕان؟**

و/ زیندانی ئێمە تا بڵێی ڕێکخراو بوو، چونکە ئێمە خۆمان سەرباز بووین، هەر لە یەکەمین مانگەوە هەموو کاروبارەکان ڕێکخران، بۆ مەسەلەی کات و ئیستراحەت و کاتی نانخواردن و کاتی خوێندنەوە و پاککردنەوە و نووستنیش دیاری کران، هەر ئەوەش وای کرد کە ئەو زیندانە ببێتە باشترین قۆناغی ژیانی ئەوانەی کە زیندانی بوون، بە تایبەتیش بۆ ئەوانەی کە سەڵت بوون، بەڵام بۆ ئەوانەی کە خێزاندار بوون، کەمێك گرفتی زیاتریی هەبوو، بۆیە بەردەوام دەیانەویست ژینگەکە شوێنێکی ئارام و بێدەنگ بێت، بە پێی ئەوەی کە لە بەرنامەکەماندا کاتێك هەبوو بۆ خوێندنەوە، سەیرمان کرد بزانین چی بخوێنینەوە، تەماشام کرد لە زیندان هەر کەسێك هەر شتێکی ئەزانی خستبوویەڕوو، بۆ نمونە یەکێ ڕووسی ئەزانی، یەکێ ئینگلیزی ئەزانی، یەکێ


ئیبراهیم یونسی و (ڕۆزا)ی هاوسەری

شێوەکاری و پەیکەرسازی ئەزانی، زیندانیش هەموو کارگایەکی تێدابوو بۆ ئەو شتانە، من سەیرم کرد بەوجۆرەی کە دەیانخوێند، ڕووسی زمانێکی یەکجار سەختە، بە بڕوای من ئەڵمانیش هەر سەختە، من کە بیرم لێ کردەوە ئەو زمانانە تا کوێ بڕ دەکەن، لەو سەردەمەدا زمانی فەڕەنسی تۆزێك کوژرابوو، ئەڵمانیش هیچ بەهایەکی نەمابوو، چونکە تازە شکستی خواردبوو، زمان زمانی ئینگلیزی بوو، لەوێ دەستم پێکرد، ئەوکاتە بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێك هاتمەدەر دەبێ چی بکەم بۆ بژێوی ژیانم، خۆ تۆ تازە ناتوانی ببی بە ئەندازیار، هەڵبەتە دوای ئەوەی من تێگەیشتم کە دەزگایەك لە بەریتانیا هەیە بەناوی (ICC) کورتکراوە ناو قوتابخانەی نێو دەوڵەتی فێربوونی ئینگلیزی لە ڕێگەی نامە نووسینەوە، چونکە لە زیندان پێداویستی خوێندنی ئەندازیاری نەبوو، خۆم بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر من لە ڕێگەی نامە نووسینەوە بخوێنم چۆن دەبێ؟ هاتم شتێکم هەڵبژارد کە بتوانم بە دانیشتنانەوە بتوانم بیکەم لەبەر مەسەلەی ئەو قاچەم، بیرم لەوە دەکردەوە کە کار لەسەر لایەنێك بکەم کە بتوانم خۆیشم ڕازی بکەم، کاتێ کە چووینە زیندان، کەمترین بڕوانامەمان دیپلۆم بوو، ئەویش وەکو خوێندکار لە کۆلێژی ئەفسەریی، چونکە کۆمەڵێك خوێندکاریشیان گرتبوون لەگەڵ ئێمە، نزیکەی ١٠ کەسێك دەبوون، بەڵام بە شێوەی مامناوەندی، بڕوانامەکانمان بەکالۆریۆس بوو، دکتۆراشمان لەگەڵ هەبوو، سی و چەند ئەندازیارمان لەگەڵ بوو، شەست و چەند دکتۆرمان لەگەڵ بوو، کە پزیشك بوو، بەشێکی بەرچاوی دکتۆرە ناودارەکانی ئێستای تاران، لەو سەردەمەدا زۆربەیان بەشێك بوون لە یەکە سەربازییەکان، ئەوانەی کە خاوەن بڕوانامەن، دانیشتن و هەڵسوکەوتیشیان جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە نەخوێندەوارن، ئەوکاتە زۆربەمان کە کتێبێکمان دەخوێندەوە، لە ژوورەکەدا گفتوگۆمان لەسەر دەکرد و ڕای خۆمان لەبارەیەوە دەگووت کە ئەم کتێبە کوێی لاوازە و کام بەشەی باشە و کامیشی دەکرا باشتر بێت، مەبەست چییە لەو کتێبەدا، لەو گفتوگۆیەدا کەس نەبوو گفتوگۆ بکات لەبارەی چیرۆك و ڕۆمان و گێڕانەوە بێت، یان ئەو بەشانە لێك بکاتەوە و بزانێت بۆ ئەمە داستانە و بۆ چیرۆك نییە، یان بۆ ڕۆمانە و بۆ ڕۆمان نییە، من کە بەدوادا گەڕانێکم بۆ سەرچاوەی فارسی لەو بارەیەوە، بینیم کە لە کتێبخانەی فارسیدا شتێکی ئەوتۆ نییە لەبارەیەوە، هەربۆیە منیش هاتم نامەیەکم نارد بۆ قوتابخانەیەك لە لەندەن، پرسیاری ئەوەم کرد کە ئایا دەورەی چیرۆکنووسین هەیە لای ئێوە لە ڕێگەی نامەگۆڕینەوە؟ دوای ماوەیەك وەڵامەکەم بۆ هاتەوە کە بەڵێ هەمانە، دەورەکە لەم بەشانە پێکدێ و مەرجەکانیشی ئەمانەیە، یەکێك لە مەرجەکان ئەوە بوو کە دەبی مانگانەیەك بدەم و ئەوانیش کتێبم بۆ بنێرن، منیش کتێبەکان بخوێنمەوە و ئەوانیش لە سنووری کتێبەکانەوە پرسیارم بۆ بنێرن و منیش هەر بە نامە وەڵامیان بدەمەوە، هەر جارێکیش دەبێ خۆت چیرۆکێك بنووسی کە تازە بێت، لەگەڵ وەرەقەی تاقیکردنەوەکاندا بۆمان بنێری، هەر جارێکیش بە هەڵبژاردنی خۆت چیرۆکێك شی بکەیتەوە، جا هی هەر نووسەرێك بێت گرنگ نییە، هەموو ئەو شتانە دەبێ بە ئینگلیزی بێت، یەکەم جار دەستم کرد بە فێربوونی ئینگلیزی، لەو سەردەمەدا کتێبێك هەبوو چوار بەرگ بوو بۆ فێربوونی ئینگلیزی، کتێبێکی زۆر زۆر باش بوو، لە ئێران کتێبی مەکتەب بوو، بەڵام نەیاندەخوێند، یانیش دە دەرسیان لێ دەخوێند و ئەوەی تر دەمایەوە و دەچوونە کتێبێکی تر، دوای ئەوەش کتێبێکی تر هەبوو بەناوی نووسەرانی ئینگلیز، چیرۆکی چەند نووسەرێکی ئینگلیزی تێدابوو، ئەوەشمان کە تەواو دەکرد کتێبێکی تر بوو ناوی ئینگلیز و ئینگلستان بوو، ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی کەسە ناودارەکانی تێدابوو، ئەمانەت کە دەخوێند ئیتر وات لێدەهات کە خۆت دەتتوانی کتێبی ئینگلیزی بخوێنیتەوە، هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەی کە خۆشت خەریکی خوێندنەوە بیت، ئەویش پەیوەندی بەوە هەبوو خۆت تا چەند لە خوێندنەوەی خۆت ڕازی بیت و لێی ورد بیتەوە، من بەڕاستی بە تێڕامانەوە دەمخوێندەوە، خوالێخۆشبوو کەسرایی شاعیر دەهاتە لامان بۆ زیندان، ڕۆژێ لێمپرسی گوتم ئەگەر پیاو کتێبێك بنووسێ بەناوی هونەری چیرۆکنووسین، چەند ڕێگەی تێ دەچێت کە چاپ بکرێت، ئەویش گووتی ئێمە ئەسڵەن کتێبی وامان هەر نییە، زۆریش کارێکی باشە، وتی چۆن ئەو کارە دەکەی؟ منیش گوتم ئەوە بەشێکیان بۆ ناردووم کە ئەمە وەکو دەرسێکە بۆ من کە بە نامەگۆڕینەوە خۆم فێری چیرۆکنووسین دەکەم، بەشێکیشی ئەوەیە کە خۆم هەڵمبژاردووە و لە کتێبی جۆراوجۆردا خوێندومەتەوە، ئەویش گوتی کارەکە باشە و بیکە. یەکەمین کتێبیشم کە بۆ وەرگێران هەڵمبژارد کتێبەکەی چارلز دیکنز بوو بەناوی (ئارەزووە مەزنەکان).





**پ/ جەنابت چەندین کتێبت لەبارەی مێژووی کوردەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی کە لایەن نووسەرانی ناوداری وەکو دیڤید مەکداوڵ و درك کینیان و چەندانی تر، چۆن لە ئەدەبیاتەوە ڕووتان کردە مێژوو؟**

و/ دوای ئەوەی کە من لە زیندان هاتمە دەرەوە، چەندین کتێبی تریشم لەسەر مێژووی ئەدەبیاتی گەلانی تر وەرگێڕا، هەستم کرد خزمەتێکی زۆرم بە ئەدەبیاتی گەلانی تر کردووە، ڕۆژێك کە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکیم دەخوێندەوە کە نووسرابوو، ئەو کوردانە زۆر بە ئیحساساتەوە قسە دەکەن و بەرگری لە مافی خۆیان دەکەن، بەڵام پیاو کە دەچێتە ناویان، دەبینی کە خۆشیان هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەی خۆیانەوە نییە، جگە لە پەکەکە ئەگەر بچیتە لایان ڕەنگە چەند بڕوشوورت دەداتێ، ئەوانی تر شتێکی ئەوتۆیان نییە، منیش کە سەیری ئەوەم کرد، بینیم کە خۆشمان شتێکی وامان نییە کە بیخوێنینەوە، من چ کتێبێك بخوێنمەوە تا بتوانم مێژووی کوردستان بزانم، دەبێ بچم مێژووی ڕووسیا بخوێنمەوە، دەبێ مێژووی عەرەب و تورك و فارس بخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە مێژووی گەلی خۆم تێ بگەم، تا ئەو کارەش دەکەم تەمەن هیچی نامێنێت، هاتووم سەیرم کرد بزانم لە کتێبخانەی ئینگلیزی و فەڕەنسی چی هەیە بتوانین وەکو کورد سوودی لێ وەرگرین، یەکەمین کار کە من کردم لەبارەی کوردستانەوە، کتێبەکەی ئەدمۆنز بوو بەناوی (کوردەکان، تورکەکان، عەرەبەکان)، ئەویش هەژاری خوالێخۆشبوو بەمنی گوت کە یەکێکی تر وەریگێڕاوە و بۆ عەرەبیش وەرگێڕدراوە، بەڵام هیچ کامیان پیاو لێی حاڵی نابێت، ئەمە قسەی هەژار بوو کە گوایە کەس لە کوردییەکەی تێناگا، منیش بە هەژارم گوت من وەریدەگێڕم ئەگەر هاوکاریم بکەن، چونکە لەوانەیە ناوەکان بە تەواوی نەزانم، هەژار ئامادەیی خۆی دەربڕی، هیچ پێویستیشم بەوە نەکرد کە هاوکاریم بکات، دوای ئەوەی کە وەرمگێڕا و خستمە بازاڕ، سەیرم کرد کە نەخێر مێژووی کورد هەر ئەمە نییە، کتێبی تریش هەن کە زانیاری زیاتریان تێدایە کە بەسوودە بۆ خوێنەر، دوای ئەوە چەند کتێبێکی عیسمەت شەریف وانلی و کەنداڵ یشم وەرگێڕا، (کورد و کوردستان)ی درك کینیان و (ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران)م وەرگێڕا، زۆریش بەدوای کتێبێکدا گەڕام کە لەبارەی (سەید ڕەزا دەرسیمی)یەوە بێ، چونکە ئەویش کەسایەتییەکی گرنگ بووە، من تا ئێستا کتێبێکی وەهام دەست نەکەوتووە کە ئینگلیزەکان یان فەڕەنسییەکان نوسیبێتیان، دواتر کتێبەکەی (جەناتان ڕاندڵا) (بەو ڕیسواییەوە کام بەخشین) یان (مێژووی هاوچەرخی کورد) و (گەشتێك لە کوردستانەوە)، نزیکەی یازدە کتێبی مێژووی کوردم چاپ و بڵاوکردووەتەوە، بەوانەش هەر نەوەستاوم، بۆ نمونە لە ڕۆمانەکانمدا مێژووی خۆجێیی کوردستانم گێڕاوەتەوە، لەگەڵ دابونەریت و ڕەفتارەکانیان.

**پ/ وەکو چاودێرێك و شارەزاییەك لە بواری مێژووی کورد، بە پێی ئەوەی کۆمەڵە کتێبێکت لەبارەی مێژووی کوردەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، ئێستای کورد بە گشتی چۆن دەبینی؟**

و/ من وایدەبینم کە گەڕانەوەیەکە بۆ،ساڵی ١٩٤٥ی زاینی، ئەگەر شتێکیش وەرگرن شتێکە نزیك لەوەی ئەوسا، تەنانەت ئەو کاتە ئەوەش پرس نەبوو کە ئایا کەرکوك هی کوردە یان نا؟ هەموو کەس دەیزانی کوردە، وەکو شێخ ڕەزا گوتەنی

گرچە جمعیت کرکوك کم از بغداد است
قابلیت نە بە تعداد، بە استعداد است

هەربۆیە ئەوە گرفت نەبوو لەوەی کە ئایا کەرکوك کوردە یان نا، چونکە کورد بوونی کەرکوك تۆمار کرابوو.



MINISTÈRE DE L'ÉDUCATION NATIONALE
ÉCOLE PRATIQUE DES HAUTES ÉTUDES
VIe SECTION - SCIENCES ÉCONOMIQUES ET SOCIALES
SORBONNE

SERVICE DE LA SCOLARITÉ
54, rue de Varenne, Paris-7e

N° 55

CARTE D'ÉLÈVE STAGIAIRE

Année scolaire 1973-1974

Monsieur YOUNESSI-BANEH Ebrahim

Né ....., en 1926

Nationalité Iranienne

Directeur d'études : Monsieur PIATIER

Carte délivrée le 24 septembre 1973

2 565084 0

Pour le Président :
L. VELAY
DIRECTEUR D'ÉTUDES

Le Porteur :
Younessi

Ministe... ÉCOLE des ... Sciences Economiques et Sociales
Sorbonne et 54, Rue de Varenne, PARIS-7



Nom : YOUNESSI-BANE

Prénoms : Ebrahim

Né (e) en 1925

à Bané - IRAN

Nationalité : Iranienne

Numéro personnel de Sécurité sociale
ou numéro national d'identification :

Direction d'Études : M. PIATIER

Groupe de 3e cycle : ...........

Numéro de carte : 385

ECOLE HAUTES ETUDES
SCIENCES SOCIALES
-PARIS-
22 IX ... *783 *0 101.00 TL

Diplôme préparé : DOCTORAT DE 3e CYCLE

Année : 2e année

Paris, le 28 septembre 1976

Signature de l'Étudiant :

Seul le cachet de l'École apposé après paiement des droits (sauf exonération) valide cette carte.

SECRÉTARIAT D'ÉTAT AUX UNIVERSITÉS
ECOLE DES HAUTES ÉTUDES EN SCIENCES SOCIALES

Le Président,
SECRÉTARIAT D'ÉTAT AUX UNIVERSITÉS
ECOLE DES HAUTES ÉTUDES EN SCIENCES SOCIALES
J. LE GOFF